


# عائیشه

عائشة بنت أبي بكر الصديق بن أبي قحافة.

لەدوای مردنی خەدیجەی پیرو بینینی روخساری سەودەی ناشرین, ئەزموونێکی سێکسیی گەورە بۆ موحەممەد پەیدا دەبێ. پاش چەند مانگێکی کەم, لەدوای گواستنەوەی سەودە, دەچێتە داوای عائیشەو دەیخوازێت عائیشە کچی خەلیفە ئەبوبەکری صدیقو بچوکترین ژنو تاکە کچ بووە کە موحەممەد هێنابێتی. ئەو رۆژەی دەچێتە داوای عائیشە, ئەم مەسەلەیە بەلای ئەبوبەکری صدیقەوە سەرسوڕهێنەر دەبێت, چونکە خۆی بەبرای موحەممەد زانیوەو پێی وتووە (ئەی خۆ من برای تۆم.! موحەممەدیش پێی دەڵێت: بەڵێ تۆ برامی, بەڵام لەدینو قورئاندا, کچی تۆ, بۆ من, حەڵاڵە).[1]

---

1 أَنَّ النَّبِيَّ خَطَبَ عَائِشَةَ إِلَى أَبِي بَكْرٍ فَقَالَ لَهُ أَبُو بَكْرٍ إِنَّمَا أَنَا أَخُوكَ فَقَالَ أَنْتَ أَخِي فِي دِينِ اللَّهِ وَكِتَابِهِ وَهِيَ لِي حَلَالٌ. صحيح البخاري, كتاب النكاح. باب تزويج الصغار من الكبار. حديث4793

موحەممەد, کەمتر لە دوو ساڵ بەر لەکۆچەکەی بۆ مەدینە, عائیشە دەخوازێت. تەمەنی ئەو کاتەی عائیشە شەش ساڵان بووە.[2] پاش هەژدە مانگ لەدوای کۆچەکەی بۆ مەدینە, لەمانگی شەووالداو[3] لەتەمەنی نۆ ساڵیدا دەیگوازێتەوە.[4]

مێژوونووسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەم ژنەی (زۆر) بچووك بووە. لەچەندین پەڕاوی مێژوودا ئەوە نوسراوە کە عائیشە لەکاتی باسکردنی منداڵی خۆیو ڕۆژی گواستنەوەکەیدا ئاماژە بۆ تەمەنی بچووکیی خۆی دەکاتو دەڵێت: من لەنێو جۆلانەکەمدا لەگەڵ هاوڕێکانم بووم, دایکم (أم رمان) هاواری لێکردم, چووم بۆ لای, نەمزانی چی دەوێت, دەستی گرتمو

---

2 تَزَوَّجَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَائِشَةَ وَهِيَ بِنْتُ سِتٍّ. صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. حديث4863

3 وأعرس بها بالمدينة في شوال على رأس ثمانية عشر شهرا من مهاجره إلى المدينة. المنتخب من كتاب أزواج النبي صلى الله عليه وسلم,ابوعبدالله, الزبير بن بكار بن عبد الله بن مصعب الزبيري أبوعبدالله.. وفاة المؤلف256 مؤسسة الرسالة بيروت1403 الطبعة الأولى عدد الأجزاء 1 المحقق سكينة الشهابيقصة, تزوج عائشة.

4 وَبَنَى بِهَا وَهِيَ بِنْتُ تسع سنين. صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. 4863

رایكێشام تا لەبەر دەرگای ماڵێك وەستانمی, سەرمسوڕمابوو نەمدەزانی چییە, هەندێك ئاوی هێناو سەرو روخسارمی تەڕ كرد. كردمی بەژووردا, دەبینم كۆمەڵێك ژنی ئەنصاری لەوێن, وتیان لەسەر خێرو بەرەكەت..و.. دایكم چاكی كردمو منی دایە دەست ئەوان, ئەوانیش منیان چاك كردو دامیانە دەست پەیامبەر. لەو رۆژەدا من تەمەنم نۆ ساڵان بوو.[5]



5 عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ تَزَوَّجَنِي النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا بِنْتُ سِتِّ سِنِينَ فَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ فَنَزَلْنَا فِي بَنِي الْحَارِثِ بْنِ خَزْرَجٍ فَوُعِكْتُ فَتَمَرَّقَ شَعَرِي فَوَفَى جُمَيْمَةً فَأَتَتْنِي أُمِّي أُمُّ رُومَانَ وَإِنِّي لَفِي أُرْجُوحَةٍ وَمَعِي صَوَاحِبُ لِي فَصَرَخَتْ بِي فَأَتَيْتُهَا لَا أَدْرِي مَا تُرِيدُ بِي فَأَخَذَتْ بِيَدِي حَتَّى أَوْقَفَتْنِي عَلَى بَابِ الدَّارِ وَإِنِّي لَأُنْهِجُ حَتَّى سَكَنَ بَعْضُ نَفَسِي ثُمَّ أَخَذَتْ شَيْئًا مِنْ مَاءٍ فَمَسَحَتْ بِهِ وَجْهِي وَرَأْسِي ثُمَّ أَدْخَلَتْنِي الدَّارَ فَإِذَا نِسْوَةٌ مِنْ الْأَنْصَارِ فِي الْبَيْتِ فَقُلْنَ عَلَى الْخَيْرِ وَالْبَرَكَةِ وَعَلَى خَيْرِ طَائِرٍ فَأَسْلَمَتْنِي إِلَيْهِنَّ فَأَصْلَحْنَ مِنْ شَأْنِي فَلَمْ يَرُعْنِي إِلَّا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ضُحًى فَأَسْلَمَتْنِي إِلَيْهِ وَأَنَا يَوْمَئِذٍ بِنْتُ تِسْعِ سِنِينَ. صحيح البخاري, كتاب المناقب, باب تزويج النبى عائشة وقدومها المدينة وبنائه بها. حديث3681

عائیشه لەدوای شووکردنیشی ئەوەندە منداڵ بووە بە بەردەوامی لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری بووکە پەڕۆینەی کردووە. ڕۆژێکیان موحەممەد لەکاتی یاریکردنی عائیشه بە بووکەکەی بە عائیشه دەڵێت: ئەوە چییە.؟ ئەویش دەڵێت ئەمە کچە بووکەکانمە. موحەممەد دەڵێت: ئەی ئەوەیان چییە لەناوەڕاستدا سوارێك بەسەر ئەسپێکی دوو باڵەوەیە؟ عائیشه دەڵێت: ئەی نەتبیستووە کە ئەسپەکەی سلێمان باڵی هەیە.؟ موحەممەدیش پێکەنیوە.[6] عائیشه لە سەرگوزشتەیەکی دیکەدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەگەڵ هاوڕێکانمدا یاریمان بە بووکەپەڕۆینە دەکرد, ئەگەر پەیامبەر بهاتایەتەوە بۆ ماڵەوە ئەوان دەڕۆشتن, بەڵام پەیامبەر دەیناردنەوە بەشوێنیاندا تا یاریم لەگەڵ بکەنەوە, ئەوانیش دەهاتنەوەو یارییان لەگەڵ دەکردم.[7] هەموو ئەم ریوایەتانە عائیشەیەکی تەواو گچکەمان نیشان دەدەن.

---

6 احياء علوم الدين للامام أبي حامد الغزالي, باب آداب السماع والوجد (لە کتێبی -المجهول في حياة الرسول, قسم -الزوجة في ارجوحة- وەرگیراوە)

7 عن عائشة رضي الله عنها قالت كُنْتُ أَلْعَبُ بِالْبَنَاتِ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكَانَ لِي صَوَاحِبُ يَلْعَبْنَ مَعِي فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ يَتَقَمَّعْنَ مِنْهُ فَيُسَرِّبُهُنَّ إِلَيَّ فَيَلْعَبْنَ مَعِي. صحيح البخاري, كتاب الادب, باب الانبساط إلى الناس. حديث5779

بەم پێیە, موحەممەدی تازە زاوا لە تەمەنی پەنجاو چوارساڵیدا, لەگەڵ کیژۆڵەیەکی نۆ ساڵاندا, چووەنەتە پەردەوە.[8] نۆ ساڵیش پێکەوە ژیانی ژنو مێردایەتیان بەسەر بردووە.[9] چونکە لەتەمەنی شەستو سێ ساڵیدا موحەممەد مردووە. عائیشەش, لە هەژدە ساڵییەوە تا مردنی لە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵیدا بەبێوەژنی ماوەتەوە.[10]

پرسیارگەلێکی زۆر دەربارەی تەمەنو روخسارو باڵای ئەوکاتەی عائیشە کراوەو رەخنەیەکی توندو بەردەوام رووبەڕووی ئیسلامو ئایینزاکان بووەتەوە. چونکە لەو کاتەدا نە

---

8 بڕوانە ئەم سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی ئیسلام: صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب تزويج الأب ابنته من الإمام. كتاب المناقب, باب تزويج النبي صلى الله عليه وسلم عائشة وقدومها المدينة.. صحيح مسلم, كتاب النكاح, باب تزويج الأب البكر الصغيرة.. سنن النسائي, كتاب النكاح, باب البناء بابنة تسع سنن.. الترمذي, النكاح, باب عن رسول الله ما جاء في إكراه اليتيمة على التزويج.. سنن ابن ماجه, النكاح, نكاح الصغار يزوجهن الآباء.. سنن أبي داود, الأدب, في الأرجوحة.. سنن الدارمي, النكاح, في تزويج الصغار إذا زوجهن آباؤهن.

9 وَمَكَثَتْ عِنْدَهُ تِسْعًا. صحيح البخاري: كتاب النكاح, باب/ من بنى بأمرأة وهى بنت تسع سنين. حديث4863

10 حاكم لە (المستدرك على الصحيحين, ذكر الصحابيات من أزواج رسول الله, حديث6714

لەڕووی تەمەنەوە, نە لەڕووی ئەقڵەوە, نە لەڕووی باڵاوە, ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبووە شوو بکات. ئیدی چۆن کەسێك کە خۆی بە پێشەوایەکی ڕۆحی دەزانێت, ویژدانی ڕێی پێداوە لەتەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا لەگەڵ ئەم کچۆڵەیەدا جووت ببێت.؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم رەخنە لۆژیکیە, ئیسلامو ئایینزاکان پەنایان بۆ گریمانەیەك بردووە گوایە کچ لەو سەردەمەدا باڵای هەبووەو لەشو لاری پێگەیشتووە. عائیشەش وەك هەر ئافرەتێکی سەردەمەکەی خۆی لەتوانایدا هەبووە شوو بکاتو ئەرکەکانی هاوسەرێتی بەڕێوە ببات. ئیسلامییەکان مەبەستیانە بڵێن کە عائیشە لەڕووی بایۆلۆژییەوە ئامادەیی جووتبوونی هەبووە.

بەڵام ئەوەی لەم گریمانەیەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە: پێکهاتەی بایۆلۆژی, بەمانایەکی تر هەبوونی باڵا, یاخود پانیو کەتەیی, هۆکارن بۆ بەشوودانی کچان.! ئەم پاساوەیان لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا ئاوێتە نابێت, چونکە بەڕێوەبردن, هەرکارێك بێت, بەسێکسیشەوە, پێویستی بەگەشەسەندنی ئەقڵیو هوشیاری هەیە. پێکهاتەی ئەقڵو بیرکردنەوەی عائیشەش نۆ ساڵان بووەو

نەگەیشتووەتە ئەو تەمەنو ئەزموونەی ژیانی هاوسەرایەتی بەڕێوە ببات. لە زانستی پزیشکیدا گریمانەکەیان هەڵە دەردەچێت.

بەلایەکی تردا ئەگەر گریمانەی ئیسلامییەکان لەبەرچاو بگرینو بلێین ئامادەیی بایۆلۆژی بەسە بۆ شووکردن, کەلەڕاستیدا دەقەکانی ئیسلام بەم شێوەیە ڕوانیویانەتە ژنو بە لای ئاستی بیرکردنەوەو هەستو سایکۆلۆژییەتی ژناندا نەچوون,[11] و یەك ئایەت لەقورئاندا نییە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەمانی هەبێت, ئەو پاساوانە وەربگرین کەعائیشە بالآی هەبووەو توانای جووتبوونی لەگەڵ کەسێکی تەمەن پەنجاو چوار ساڵیدا هەبووە, ئەوە هیچ بەڵگەیەك لەمێژووی ئیسلامدا نییە ئەم پاساوەیان بسەلمێنێت. لە تەواوی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلامدا دێڕێك نەنوسراوە کە عائیشە بالآی هەبوبێت. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە دەتوانین بەڵگەی ئەوە بهێنین کەبالآی نەبووە, بەڵکو بچووك بووە. ئیمامی تەبەری لە مێژووەکەی خۆیدا نوسیویێتی: ئەو ڕۆژەی موحەممەد زەواجەکەی لەگەڵ کردووە عائیشە بچووك بووەو بەکەڵکی جووتبوون نەهاتووە. صغيرة لا تصلح للجماع.[12]

---

11 بڕوانە سورەتی الطلاق4

12 تأريخ الطبري: ذكر الخبر عن أزواج رسول الله. ج2 / 211

خودی عائیشەش ئەم ڕاستییەمان بۆ دووپات دەكاتەوەو لەسەرگوزشتەیەكدا لەوە دڵنیامان دەكاتەوە كە نەك هەر خۆی بەڵكو گشت ئافرەتان لەو زەمەنەدا كەتە نەبوون, گۆشتن نەبوون, قورساییو باڵایان نەبووە, بچوك بوونو بە كەمیش خواردنیان خواردووە. هەر لەو ڕیوایەتەدا باسی خۆی دەكاتەوە دەڵێت من بچوك بوومو تازە پێدەگەیشتم.[13]

كەواتە عائیشە, نەك هەر لەرووی سایكۆلۆژییەوە ئامادەیی شووكردن نەبووە, بەڵكو لەرووی بایۆلۆژیشەوە ئامادەیی تێدا نەبووە جووتبوونی سێكسی بكات! ئەگەر ئەم قسەیەی مێژوونوسی ناودارو بەناوبانگی ئیسلام (تەبەری)و ڕیوایەتەكەی خودی عائیشە وەربگێڕینە سەر زمانو سێكسی سەردەم دەبێ بنووسین: لەشە بچووكەكەی عائیشە بەرگەی جووتبوونی لەشە گەورەكەی موحەممەدی نەگرتووە, چونكە تەمەنی موحەممەد پەنجاو چوار ساڵو عایشەش نۆ ساڵان بووە. لۆژیكیش پاڵپشتی ئەم بۆچوونەمانە, لەبەر ئەوەی ڕووداوێك لە مێژوودا هەیە

13 (وكان النساء إذ ذاك خفافا لم يثقلن، ولم يغشهن اللحهم، وإنما يأكلن العلقة من الطعام) صحيح البخاري, كتاب الشهادات, باب: تعديل النساء بعضهن بعضا. حديث2518

تیۆرەکەمان پشتڕاست دەکاتەوە: ئەو کاتەی موحەممەد باسی حۆرییەکانی بەهەشتی بۆ پیاوان کردووە, وتویەتی:

(لە بەهەشتدا پیاوان دەچنە لای ئەو حۆرییانەی کە خوا بە تایبەتی دروستی کردوون, چەند جار بچنە لای حۆرییەکانو بیانکەن بە ژن, دوایی دەبنەوە بە کیژۆڵەو وەك ئەوە وایە کەس نەچووبێت بە لایاندا.) کە عائیشە گوێی لەم قسەیە دەبێت, ئازارو نارەحەتی شەوی بووکێنی خۆیو موحەممەدی بیردەکەوێتەوە, بۆیە دەڵێت: (واوجعاه..! ئەم وشەیە بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە, یەکەمیان هەموو پیتەکان بەسەر یەکەوە ماناکەی دەکاتە (بە–ژان–ترین ئازار), گەر پیتەکان لەیەك جیابکەینەوە (وا–وجعاه) ماناکەی دەبێتە (وای لە ئازارەکەی) موحەممەدیش, وەك بلێی باش لە قسەکەی عائیشە تێگەیشتبێت, لە وەڵامدا دەڵێت: لە بەهەشتدا ئازار نییە.[14]

لێرەدا ئەگەرچی عائیشە تەمەنێکی لەگەڵ موحەممەددا بەسەر بردووە, بەڵام ئازاری ئەو شەوەی لەبیر نەچووەتەوە کە

14 قَالَ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي قَوْله " إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاء" الْآيَة قَالَ: (هُنَّ عَجَائِز الدُّنْيَا أَنْشَأَهُنَّ اللَّه خَلْقًا جَدِيدًا كُلَّمَا أَتَاهُنَّ أَزْوَاجهن وَجَدُوهُنَّ أَبْكَارًا) فَلَمَّا سَمِعَتْ عَائِشَة ذَلِكَ قَالَتْ: (وَاوَجَعَاه!) فَقَالَ لَهَا النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :(لَيْسَ هُنَاكَ وَجَع). تفسير القرطبي. في تفسير الواقعة الاية36

کیژۆڵەیەکی بچووکی تەمەن نۆ ساڵ بووەو پیاوێکی گەورەی تەمەن پەنجاو چوار ساڵ بۆی چووەتە پەردەوەو توشی ئەو ئازارە پڕ ئێشەی کردووە.

لەبەرئەوە ئیسلام تا ئێستا نەیتوانیوە پاساوی گونجاوو دروست بۆ ئەم کارەی موحەممەد بهێنێتەوەو بەرگری لێبکات. تەنها ئەو گریمانەیەمان هەیە کە بڵێین موحەممەد لەگەڵ ئەوەی پاگەندەی ئەوەی کردووە کە پەیامبەرە بەڵام نەیتوانیوە هەڵسوکەوتی پەیامبەرانەی هەبێت. وەك هەر پیاوێکی تری سێکسباز دوای غەریزەکانی خۆی کەوتووەو لەئەنجامی هێرشی پاڵنەرە سێکسییەکانی خۆیدا لەگەڵ کەنیشکێکی چکۆلە زەواجی کردووە. چوونەلای کچۆڵەیەکی تەمەن نۆ ساڵ لە لایەن کەسێکی پەنجاو چوار ساڵییەوە, جگە لەموحەممەدو شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام, دەروونی هیچ ئینسانێکی پێ ئاسوودە نابێت.! کاتێك رابەری ئاینێك بەسەر غەریزەکانی خۆیدا زاڵ نەبوو, شوێنکەوتوانیشی هەمان رێگە دەگرنەبەر.

سێکس پەیوەندی بەباوەڕو بڕواهێنانەوە نییەو دیاردەیەکی سروشتییە. چاوەڕێی ئەوەمان لەموحەممەد دەکرد لانی کەم، بڕیاری قەدەغەکردنی زەواجی خوار تەمەن هەژدە ساڵی بدایەو

پێچەوانەکەشی حەرام بکردایە. وەك خۆی دەڵێت حوکمی قورئان لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەدن نەك کاتی. بەڵام وەهای نەکردووە, بە پێچەوانەی ئەقڵو زانستو لۆژیکی سەردەمەوە, ئایەت لە قورئاندا هەیە ڕێگەی داوە بە موسڵمانان کە دەتوانن کچەکانیان, کە هێشتا نەچوونەتە تەرِییەوە, بیاندەن بە شوو.[15]
عائیشە یەکێك دەبێت لەچاوکراوەترین ژنانی موحەممەد. دوور لەکاریگەریی باوەڕی ئایینی, پێویستە خوێندنەوەیەکی تایبەتو قووڵ بۆ ئەم ژنەی ناو کۆمەڵگایەکی تەواو چەوساندنەوەی ڕەگەزیو چینایەتی بکەین. لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی مێژوودا دەردەکەوێت کە عائیشە چەپێك بووە لەبیرو ڕای ئیسلامەتی.! ڕاوییەکان تەنها باسی عائیشە, وەك دایکی ئیمانداراانو کچێکی کەم تەمەنو بەجەستە بچوك باسیان نەکردووە کە تەنها لەشولاڕێکی جنسی پیَوە بێت, بەڵکو باسی لێهاتوویيو زیرەکیشی دەکەن. سەرگوزشتە هەیە ئەم ژنە لەسەر مافەکانی خۆی بەگژ موحەممەددا چووەو شەڕی لەگەڵ کردووە. دەیان سەرگوزشتە لەهەردوو صەحیحەکەی بوخاریو موسلیمو

15 وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ (4) سورة الطلاق.

ئەوانی دیکەشدا هەن کە لە زمانی ئەم ژنەوە گێڕدراوەتەوە. بەپێی ئەو ڕیوایەتانە زیرەکترین ژن بووە لەناو ژنەکانی موحەممەددا. چەندین جار راڤەی ئایەتی کردووە. هەر کاتێك بیزانیبایە موحەممەد غەدری لێدەکات, وەك ژنەکانی دیکەی بێدەنگ نەدەبوو, بەڵکو هەرای دەنایەوە. باسی هەموو شوێنێکی لەشی ژنو پیاوی کردووەو لەناوهێنانی شوێنە هەستوەرەکاندا شەرمی نەکردووە. چەند جارێك موحەممەد شکایەتی عائیشەی گەیاندووەتە ئەبوبەکری باوکیو ئەویش لێی داوە. ژنێکی قورس بووەو لەگەڵ ئەوەی دەمەقاڵێی زۆری لەگەڵ موحەممەددا هەبووە, بەڵام رەفتاری بەشێوەیەك بووە کەموحەممەد ئەم ژنەی لەهەمووان خۆشتر بوێت. زۆرینەی شەوانو زۆرینەی کاتەکانی موحەممەد, تەنانەت لەکاتی نەخۆشیو سەرەمەرگیشیدا لەلای ئەم ژنەی ماوەتەوە.[16] ئەوەی مێژووی ئیسلامی خوێندبێتەوە ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت گەر عائیشە نەبوایە کەلێنێکی گەورە دەکەوتە پاشماوەکانی مێژووی ئیسلام.

16 دواتر هەر لەم بەشەدا چەندین بەڵگە بۆ نوسینەکانمان دەهێنینەوە